| Long Term | بەپێی پلانی بودجەی خەملێنراو کەلەلایەن وەزارەتی پلاندانان و خوێندنی باڵا دابین دەکرێت بەمەبەستی پەرەپێدانی مرۆیی. | 1-دارشتنی پلانی ساڵانەی خوێندن و پێداویستی و جۆری پسپۆری بواری خوێندن بۆ کارمەندانی دەستەی گشتی .<br>2-ئاراستەکردنی نووسراو بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پلاندانان و وڵاتانی هەماهەنگ بۆ دابینکردنی کورسی خوێندن بۆ کارمەندانی .<br>3- ئاراستەکردنی نووسراو بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی پلاندانان بەمەبەستی دیاریکردنی کورسی خوێندن بۆ یەکەمەکانی دەرچووانی بەپێی ئەو پێوەرو مەرجانەی دەستەی گشتی بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دایدەنێت. | وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان. | **2-1** دابین کورسی خوێندنی باڵا (ماستەرو دکتۆرا)بە پێ بەرنامەی ساڵانە. | ئامادەکردنی کادیری پسپۆری ناوخۆی لە بواری بەرێوەبردنی کەرتی . | ڕێکخستن و پەرەپێدانی توانامرۆییەکان |
| Long Term | -گۆڕینی پرۆگرامی خوێندنی ناوەندەکانی گەشتیاری (ئامادەییەکان) لەسەر رێژەی 20% وەزارەتی پەروەردە.<br>- گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندنی گەشتیاری لەسەر دەرخستەی 25% لە داهاتی . | 1- کاراکردنی لێژنەی هاوبەش لەنێوان دەستەو وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی پەروەردە0<br>2- داواکردن لە وەزارەتی پەروەردە بە گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن لە ئامادەیی وەک قۆناغی یەکەم لەسەر رێژەی 20% لە پلانی گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن.<br>3-لە قۆناغی یەکەم / مەشق پێکردنی قوتابیانی ئامادەیی لە بنکە گەشتیارییەکان لە چوارچێوەی پرۆسەی خوێندن. | | **3-1** گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندنی گەشتیاری | ئامادەکردنی کادیری پسپۆری ناوخۆی لە بواری بەرێوەبردنی کەرتی . | ڕێکخستن و پەرەپێدانی توانامرۆییەکان |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Long Term 2023 | - ئامادەکردنی دەرخستە بۆ هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی جێبەجێکردن. | 1-دارشتنی پلانی ساڵانەی پێداویستی خول و چالاکییەکانی پەرەپێدانی تواناى مرۆیی شاندکردنی کارمەندانی دەستەی گشتی .<br>2-ئاراستەکردنی نووسراو بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پلاندانان و وڵاتانی هەماهەنگ بۆ دابینکردنی بەمەمەبەستی بەشداریکردن لەم جۆرە چالاکییانە. | | **4-1** زیادکردنی شاندی فەرمانبەران بۆ راهێنانی لە دەرەوەی ووڵات بەشداری کردنیان لەچالاکییەکانی پەرەپێدانی مرۆیی. | | |

| مەودای جێبەجێکردن Short term/ Long term | بودجە بە دیناری عێراق Budget | هەنگاوەکان Initiatives | لایەنی پەیوەندیدار/ جێبەجێکار Stakeholders | چالاکی Tactics | ئامانج/ Objective | بوار Perspective |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Short Term | | 1-پێکهێنانی لێژنەیەکی باڵا کە پێکهاتووە لە ئەندامانی (دەستەی گشتی ، وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی) بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکان و ئەنجامدانی ئامار لەلایەن لێژنە لاوەکییەکان کە لە بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکانی لە پارێزگاکان پێکهاتووە بە هەمەهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.<br>2-تۆمارکردنی گشت داتاکان لە داتابەیسی تایبەت بەم پرۆسەیە. | وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان. | **1-2** ئەنجامدانی ئاماری واقع حالی بەکارخستنی هێزی کار لە بنکەو کۆمپانیا گەشتیارییەکان. | 2-بەرزکردنەوەی دەستی کاری ناوخۆی لە بنکە گەشتیارییەکان بە ڕێژەی 30% | ڕێکخستن و پەرەپێدانی توانامرۆییەکان |
| Short Term | | 1-ئەنجامدانی ئامار لەلایەن لێژنە لاوەکییەکانەوە لە بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکانی و ناردنی بەراییەکان بۆ لێژنەی باڵا. | | **2-2** ئەنجامدانی ئاماری دەرچووانی گەشتوگوزارو هاووڵاتیانی کە داوا دەکەن بۆ بەکارخستنیان لە کەرتی گەشتوگوزار. | | |
| Long Term | 70,000,000 | 1- دیاریکردنی پرۆگرامی پێویست بۆ شیاندنی دەرچووان و کاندیدکراوان.<br>2-دیاریکردنی ڕاهێنەران و شوێن و پێداویستییەکانی ڕاهێنان.<br>3-ئەنجامدانی خولەکان | | **3-2** دانانی بەرنامەو پلانی ڕاهێنان بۆ دەرچووانی گەشتوگوزارو هاووڵاتیان کە داواکارن بۆ بەکارخستنیان لەم کەرتە 0 | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Long Term | | 1-دانانی دەرچووانی راهێنراو لەو بنکە گەشتیارییانەی کە ژمارەی ستافی ناخۆییان کەمترە لە رێژەی دیاریکراو.<br>2-بەدواداچوونی پرۆسەکە وبەردەوامبوونی لە کاتی وەگرتن و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری.<br>3-سزادانی ئەو بنکانەی کە پابەندنابن بەم رێنماییە. | | **4-2** دانانی رێژەی دیاری کراو 30% وەک سەرەتا لە هێزی کاری راهێنراوی ناوخۆی هەرێم لە بنکە گەشتیارییەکان. | | |

| بوار Perspective | ئامانج/ Objective | چالاکی Tactics | لایەنی پەیوەندیدار/ جێبەجێکار Stakeholders | هەنگاوەکان Initiatives | بودجە بە دیناری عێراق Budget | مەودای جێبەجێکردن Short term/ Long term |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێکخستن و پەرەپێدانی توانامرۆییەکان | 3- ئامادەکردن و کاراکردنەوەی سەنتەری ڕاهێنانی گەشتیاری | **1-3** ئامادەکردن و کاراکردنەوەی سەنتەری ڕاهێنان بۆ جێبەجێکردنی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری تایبەت بە پرۆگرامی TVET. | وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان. | 1- وەرگرتنی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری تایبەت بە پرۆگرامی TVET لە ڕێکخراوی یونسکۆ.<br>2-بەشداری پێکردنی ستاف و کارمەندانی سەنتەری ڕاهێنان لە وۆرکشۆپ و خولەکانی ڕاهێنان تایبەت بە پرۆگرامی (الاعتماد).<br>3-ئامادەکردنی سەرەتاکانی پرۆسەکەو وردبینی کردنی لەلایەن دەستەی گشتی / بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردنی جۆری و بەشی توانامرۆییەکان.<br>4- ناردنی ڕاپۆرتی سەرەتایی بۆ ڕێکخراوی یونسکۆ بەمەبەستی ناردنی تیمی وردبینی کردن لەسەر سەنتەری ڕاهێنانی گەشتیاری.<br>5-وەرگرتنی ڕاپۆرتی پەسەندکردنی بەرنامە لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆ | | Long Term<br>سەرەتایی 2023 پەیوەندی کردنی بە ڕێکخراوی یۆنسکۆ و وەرگرتنی ڕاوسەرنج و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هاوبەش بۆ دانانی میکانیزمی جێبەجێکردنی پرۆسەکە. |

| مەودای جێبەجێکردن Short term/ Long term | بودجە بە دیناری عێراق Budget | هەنگاوەکان Initiatives | لایەنی پەیوەندیدار/ جێبەجێکار Stakeholders | چالاکی Tactics | ئامانج/ Objective | بوار Perspective |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Long Term | 2023<br>قۆناغی یەکەم<br>ئامادەکردنی دەرخستە بە پێداویستییەکانی سەنتەری ڕاهێناندن و کارمەندان و کەلووپەل و پرۆگرام).<br><br>قۆناغی دووەم<br>ئامادەکردنی بودجەی پێویست بۆ ڕاهێنانی ساڵانە. | 1- پێکهێنانی لێژنەیەک لە دەستەی گشتی بۆ دیاریکردنی پێداویستییەکانی سەنتەر.<br>2- دیراسەتکردنی میکانیزمی و ئامادەکردنی پرۆپۆزەل تایبەت بە پێدانی سەنتەری ڕاهێنان.<br>3- ئامادەکردنی بەرنامەی ساڵانەی ڕاهێنان بۆ هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت هەروەها بۆ قوتابیانی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.<br>4- جێبەجێکردنی ڕاهێنان | وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان. | **2-3** ئامادەکردنی پێداویستییەکانی سەنتەری ڕاهێنان (بەڕێوەبردن، کارمەندان، کەلوپەل، پرۆگرام) بۆ ئەوەی ببێتە سەنتەرێکی ڕاهێنانی تیۆری و پراکتیکی چالاک بۆ کارمەندانی گەشتیاری (گشتی و تایبەت) هەروەها بۆ قوتابیان و دەرچووانی ناوەندەکانی خوێندنی گەشتیاری. | 3- ئامادەکردن و کاراکردنەوەی سەنتەری ڕاهێنانی گەشتیاری | ڕێکخستن و پەرەپێدانی توانامرۆییەکان |

**قۆناخی دووەم:**

ل

## پلانی کورتخایەن. ٢٠٢٣ تا ٢٠٢٤

## بۆچی گەشتیاران سەردانی کوردستان بکەن؟

### چیمان هەیە؟
### (ڕووپێوی کوردستان بۆ ناوچە گەشتیارییەکان)

ئەمانە چەند نموونەیەکن کە دەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا ڕووپێوێکی سەرجەم شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان بکرێت و لە هەمانکاتدا ببێت با ئامارێکی ئەلیکترۆنی.

1 - پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوە جیاوازەکان لە کوردستان.
2 - قەڵای هەولێر ناسا بە کۆنترین شوێنەوار و لانکەی مرۆڤایەتیی سەر زەوی ناساند.
3 - بوونی ئەشکەوتی دێرین وەک شانەدەر کە مێژوویەکەی ٦٠ هەزار ساڵە
4 - بوونی شوێنەواری ئایینی، گۆڕی نەبی ناحووم، لالەش، کەنیسەی هورمز، مارمەتێ قشڵەی کۆیە، کفری گۆڕی زەردەشتیەکان.......
5 - چیاکانی کوردستان هەڵگورد وەک نمونە کە بەرزیی لوتکەکەی ٣٦٠٧ مەترە
6 - سەرچاوە سروشتی و دۆڵ و گەلیەکان، بەنداو و تاڤگەکان.
7 - بوونی ی ڕەش. مێژوی سیاسی گەلێک، وەک ڕەگەزێکی ناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردستان.
8 - کفری وەک شارێکی شوێنەوار و بە هەمان شێوە ئامێدی، ئاکرێ و زۆربەی ناوچە دێرینەکانی کوردستان.
9 - شوێنەوارە مێژووییەکان
10 - ی وەرزی زستانە وەک نمونە دەستنێشانکردنی شوێنەکان.

1 1 - تۆنی بابە لە ناوچەی دەربەندیخان.

2 1 - کوردستان هەردوو ناوچەی گەرمیان و کوێستانی هەیە.

3 1 - لە کوردستان زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار سایت و شوێنی گەشتیاریمان هەیە. بۆیە دەبێت هەموو ئەمانە بخرێتە داتابەیسێک وەک ئامارێک لەبەردەستابێت.

**پێداویستی و زانیارییەکان لەسەر بنەمای ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێت:-**

1. ناوی پارێزگا یان شارۆچکە.

2. مێژووی شارەکە:

- رەنگە ئەو شارە تووشی کارەساتێکی سرووشتی یان مرۆیی بووبێت و بە هۆیەوە زیانی پێگەیشتبێت.

3. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئایینی:
بۆ نموونە خەڵکی موسڵمان و مەسیحی بە یەکەوە لە شەقڵاوە دەژین - خەڵک بە چ رێگەیەک دەتوانێ بچێتە ئەو شار یان شارۆچکەیە.
4. چەند لە سەنتەری پارێزگا دوورە:
5. لە رووی ئابوورییەوە : جوڵەی ئابوری ئەم شارە چۆنە.
6. خەڵکی ئەم شوێنە سەرقاڵی چین: بۆ نموونە خەڵک لە هەندێ شارۆچکە زیاتر خەریکی کشتوکاڵن یان هەر پیشەسازییەکی دیکە.
7. شوێنە گەشتیارییەکانی ئەم شارە یان ئەم شارۆچکەیە:
8. شارۆچکەکە بە چی بە ناوبانگە: بۆ نموونە ئاکرێ بە برنج، هەنجیر و سماقەکەی بە ناوبانگە.
9. شوێنەوارە مێژوویەکانی چین و ناویان چییە:
10. شار یان شارۆچکەکە بە چ شوێنێکی گەشتیاریی ناودارە، هاوینەهەوارەکانی. بۆ نموونە رواندز بە خەرەندەکەی ناودارە. - هەندێ شتی تایبەتی شارەکە دەبی باس بکرێ، بۆ نموونە زاخۆ جیا لە پردی دەلال و

سنووری ئیبراهیم خەلیل کە لە رووی ئابورییەوە گرنگە، بەلآم گۆڕی کچی زەنبیل فرۆشیش لەوێیە و ئەمانە بۆ گەشتیار گرنگ دەبێ.

11. - لە رووی ئەدەبی و هونەرییەوە باس لە کەسە ناودارەکانی بکرێ.

12. شوێنی مانەوە بۆ گەشتیار: هۆتێل و مۆتێل و شوێنی نانخواردن رێستورانت یان خواردنگەیەکی کلتووریی کە خواردنی کوردەواری هەیە.

13. کاری دەستی لەو شارە چییە و بە چی بەناوبانگن لە کاری دەستی.

14. ساڵانە چەند گەشتیار سەردانی دەکەن.

15. گرینگی دان بە گروپەکانی شاخەوانی و وەرگرتنی زانیاری بە تایبەت لە ناوچە دورە دەستەکان.

16. ئەو شوێنانەی کە ئۆتۆمبێل ناتوانێ پێی بگات.

| بوار Perspective | ئامانج/ Objective | چالاکی Tactics | لایەنی پەیوەندیدار/ جێبەجێکار Stakeholders | هەنگاوەکان Initiatives | بودجە بە دیناری عێراق Budget | مەودای جێبەجێکردن Short term/ Long term |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕووپێوی کوردستان بۆ ناوچە گەشتیارییەکان | لە دروستکردنی داتابەیسێک بۆ ناوچە گەشتیارییەکان | 1 - ئامادەکردنی ستافێک بۆ روپێوی ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان لە هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان(هەولێر،دهۆک، سلێمانی، ئیدارە سەربەخۆکان.<br>2 - دابینکردنی پێداویستی تەکنەلۆژی سەردەم بۆ داتابەیسەکە. | - سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون.<br>- وەزارەتی دارایی و ئابوری.<br>-وەزارەتی شارەوانی و / دەستەی گشتی .<br>--فەرمانگەی تەکنەلۆژیا<br>- فەرمانگەی میدیاو زانیاریی<br>- کۆمەڵەی ناسان.<br>-کەرتی تایبەت | 1- راسپاردنی ئەو پرۆسەیە بە کەرتی تایبەت دەسپێردرێت | ئامادەکردنی دەرخستەیەك بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە. لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار. | لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ دەست دەکەین بە پرۆسەی ئامار و روپێوی ناوچە گەشتیارییەکان بۆ ماوەی یەک ساڵ. |

## پلانی مامناوەند، ٢٠٢٣ تا ٢٠٢٥

## دروستکردنی کۆمپانیاکان لە نێوان ٢ ساڵ و پلانیان تا ٢٠٣٠

### Public - Private – Partnership

**دامەزراندنی کۆمەڵێک لە کۆمپانیای هاوبەش بۆ برەودان بە ژێرخانی گەشتیاریی:**
لەگەڵ لایەنی پەیوەندار لە هەوڵی دروستکردنی چەند کۆمپانیایەک دەبین تا بتوانین لەم رێگەیەوە سەرنجی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت رابکێشین و بتوانین لە رێگەی کۆمپانیا ناوخۆییەکانەوە داهاتی گەشتیاریی بۆ حکوومەتی هەرێم زیاد بکەین.

**1 - گۆڕانکاریی لە کەشوهەوا:**
دروستکردنی چەند کۆمپانیایەک لەو شوێنانەی کە دەبنە راکێشانی گەشتیار. ئەم کۆمپانیایانە وەبەرهێنان لە بواری گەشتیاری و پرۆژەی گەورە دەکەن، وەک دروستکردنی بەنداو، پرۆژەی چاندنی دار، پرۆژەی گوندی گەشتیاریی مۆدێرن کە هەموو خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لەخۆ بگرێت.

**2 - ژێرخان**
دروستکردنی کۆمپانیای هاوبەش لە بواری ژێرخانی گەشتیاریی:

- رێگاوبان.
- ئەو سایت و شوێنانەی پەیوەندییەکان بە ژێرخانی گەشتیارییەوە هەیە.

**پەرەپێدانی گەشتیاری لە رێگەی وەبەرهێنانی گەشتیاری.**
1 - دروستکردنی پارکی مۆدێرن.
2 - بورجە گەشتیارییەکان.
3 - زیادکردنی تێلیفریکی دور مەودا.
4 - دروستکردنی شوێنی نوێ بۆ کەلتور و هونەریی شارەکان.

5 - دروستکردنی کۆمەڵگەی وەرزشی.
6 - ئەکواریۆم
7 - باخچەی ئاژەڵان.
8 - هۆڵی سینەمای گەورە.
9 - هەر پرۆژەیەکی ناوازەی دیکە کە خزمەت بە کەرتی گەشتیاریی بکات.
10 - ئیڤێنت و کۆنفرانس.

## پلانی مامناوەند، ٢٠٢٣ تا ٢٠٢٤

## پێشبڕکێی گەشتیاری

ئەم بەشەی پلانی ستراتیجی دەستە دەبێت بە هاوکاری لایەنی پەیوەندار بۆ ماوەی ساڵێک. لە سەرەتای ٢٠٢٣ ڕاپۆرت و پلانی ئامادەکراو دەدرێتە لایەنی پەیوەندار بۆ جێبەجێکردنی. ئەمانەی خوارەوە و ئەمانەش بڕگە گرینگەکانی بەشی پێشبڕکێی گەشتیارین.

### دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ ئاسایش و سەلامەتی گەشتیارو هێنانە کایەی خزمەتگوزاری گشتی زیادکردنی گەشتیار:

1. وەبەرهێنان لە پرۆژە بچوک و مامناوەندەکانی.
2. ئاسایش و سەلامەتی گەشتیار.
3. بیمەی تەندروستی.
4. سەرچاوە مرۆییە نێو دەوڵەتییەکان و ڕۆڵی لە بەهێزکردنی دەستی کاری ناوخۆ.
5. تەکنۆلۆژیا و میدیا و پەیوەندییەکان.

### سیاسەتی گەشتیاریی T.T.P Travel Tourism Policy

**بۆ باشترکردنی کەرتی گەشتیاری چەند یاسا و ڕێسای تایبەت دەردەکرێن بۆ باشترکردنی ئەم کەرتە و بە قازانجی دەستی کاری ناوخۆ و بەرزکردنەوەی ئاستی گەشتیار.**

1. ئەولەوییەتی .
2. کرانەوەی نێودەوڵەتی.

3. پێشبڕکێی نرخ.
4. دروستکردنی ژینگەیەکی بەردەوام و چاودێریکردن.

## ژێرخان لە بواری گواستنەوە

**رەخساندنی زەمینەیەک بۆ ژێرخانی گواستنەوە بۆ هەرێمی کوردستان.**

1. ژێرخانی گواستنەوەی ئاسمان و زەمینی
2. دارشتنەوەی ژێرخانی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بە شێوەی مۆدێرن.

## وەبەرهێنان لە سەرچاوە سروشتیەکان وەک تاڤگە و شوێنی گەشتیاری نزیک لە بەنداوەکان.

**1.** وەبەرهێنانی گەشتیاریی لە سەرچاوە کەلتوریی و کەلەپوریەکان (مۆزەخانە و بازاڕە میللی و مۆدێرنەکان و چێشتخانەی خواردنە میللیەکان، قەڵاکان، شوێنەوارەکان)

**پلانی کورتخایەن، ٢٠٢٣ تا ٢٠٢٤**

Tourism Center

## ناوی پرۆژە :  ناوەندی ی کوردستان

**پێناسەی پرۆژە :** پلاتفۆرمی ی کوردستان خزمەتگوزارییەکی گشتی ئەلیکترۆنی بێبەرانبەرە بۆ خەڵک و گەشتیارانی هەرێمی کوردستان، عێراق و جیهان.  لە هەمانکاتدا دەبێتە دامەزراوەیەکی راوێژی بۆ دەستەی گشتی ی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. بە تایبەت بۆ پاڵپشتی لە پلان راپۆرتی پەسندکراوی ستراتیجی  لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

## به گشتی:

تەکنۆلۆژیا دەورێکی باڵای هەیە لە خزمەتکردنی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیان. ئێمە دەمانەوێت کوردستان بەرەو ئابورییەکی بەهێزببەین. بۆ ئەم بە هێزییەش پێویستمان بە کەرتە جیاجیاکان هەیە، کەرتی گەشتیاریی یەکێکە لەو کەرتانەی کە ببێتە مایەی دابینکردنی هەلی کار بۆ خەڵکی کوردستان، بۆیە هاوشانی سامانە سروشتییەکان کە زەوی دایک بە ئێمەی بەخشیوە ئێمەش سود لەو سروشتە ناوازەیە وەردەگرین و ئەم پێشکەوتنەی کوردستان و ئەو پێکەوە ژیانە دەقۆزینەوە بۆ سودی خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانەوە. ئەم پلاتفۆرمە لە چەند خزمەتگوزارییەکی گەورە پێکدێت کە لە خزمەت گەشتیاریی کوردستان و عێراق دەبێت.

**تێبینی:**

1 - دامەزراندنی ئەم ناوەند بۆ هاوکاریکردنی دەستەی گشتی ی هەرێمی کوردستانە.
2 - ئەم ناوەندە بەرپرسیارە لە ئامارەکانی تایبەت بە گەشتیاری لە کوردستان کە ساڵانە دەیخاتە ڕوو.
3 - ئەم ناوەندە بەرپرسیارە لە نیشان نەدانی ئەو شوێنانەی کە ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ناوبانگی هەرێمی کوردستان بخاتە مەترسی.

## ئامانجەکان:-

1. روپێوی هەرێمی کوردستان لە بواری گەشتیاری.
2. ئاماری پرۆژەکانی گەشتیاری.
3. ئاماری داهاتی  لە کوردستان.
4. ئاماری سالآنەی کەرتی گەشتیاری، لە بواری هاتنی گەشتیار، دروستکردنی هەلی کاری سالآنە.
5. بەرزکردنەوەی ئاستی گەشتیارییە لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی گشتی .
6. ناساندنی شوێنە ییەکانە لە هەرێمی کوردستان.
7. ئەم پلاتفۆرمە دەبێتە هۆی ئاسانکاری بۆ گەشتیاران تا بە ئاسانی دەستیان بە زانیارییەکان بگات.
8. دۆزینەوەی هەموو بنکە گەشتیارییەکانی کوردستانە بە شێوەیەکی GPS.
9. کۆکردنەوەی داتاوزانیارییە وردە لەسەر ی هەرێمی کوردستان.
10. ئەرکی ئەم پلاتفۆرمە گرینگی دانە بە هۆشیاری تاک بەرانبەر ی کوردستان.
11. بەهۆی دەستنیشانکردن و جۆرەکانی  دەبێتە هۆکار بۆ بوژانەوەی ئەو شوێنە گەشتیارییانەی کە هێستا وەکو پێویست نەبونەتە شوێنی گەشتیاری.

## پێکهاتەی ناوەندی ی کوردستان

**ئەم سەنتەرە پێکدێت لە چوار کۆلەگەی سەرەکی کە هەریەکەیان کۆمەڵێک ژووری تایبەت لەخۆ دەگرێت:**


### بەشی یەکەم


**میدیای ئەلیکترۆنی**

ئەم میدیایە پێکدێت لە چەند بەشی جیاواز

1. **وێبسایت:** ئەم وێبسایتە خزمەتگوزارییەکی سەردەمی و پێشکەوتووە. ئەم وێبسایتە لە چەند خزمەتگوزاری گرینگ دەربارە شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان دەبێت لەسەر هەموو جۆرەکانی کار دەکات لە سەرتاسەری کوردستان. ئەم وێبسایتە چوار شاری کوردستان لەخۆ دەگرێت بە ئیدارەکانی راپەرین و گەرمیانیشەوە. ئەم وێبسایتە بە پێنج زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی فارسی و تورکی لە خزمەت گەشتیاران دەبێت. لە ماوەی یەک ساڵ هەوڵ دەدرێت هەموو شوێنە گەشتیاری و بنکە گەشتیاریی و ئەوەی لە داتابەیسی ئەم سەنتەرە تۆمار دەکرێت لە خزمەتی گەشتیاران دەبێت. ئەم وێبسایتە لەو ماوەیەی کە بۆی دادەنرێت نزیکەی ٨٠٠٠ هەشت هەزار بنکەو شوێنی گەشتیاری لە سەرتاسەری کوردستان تۆمار دەکات. لە هەمان کاتدا سیستمی بووکینگ لە ناو وێبسایتەکە کارایە کە گەشتیارانی ناوخۆ و بیانی دەتوانن راستەوخۆ سودی لێببینن بۆ حجزکردنی تکتی فرۆکەو هۆتێل و مۆتێل و شوێنە گەشتیاری و هەموو چالاکییەکانی .

**ئەمەی خوارە نموونەیەکە لە رووپەڵی وێبسایتەکەیە بە وردەکارییەوە.**


ERBIL
SULIMANI
DUHOK
HALABJA
Kurdistan Tourism Center
DESTINATION
ACCOMIDATION
FLIGHT
RESTURANT
HOSPITAL
GUIDE
MORE
HOTEL
MOTEL
HOUSE
APPARTMENT
DREAMWAY
FLYERBIL
ZAGROS JET
IRAQ ERWAY
SHAHAB
DAMSQENO
ERBIL INTERNATIONAL
ZHIN
THONG TO DO
TRANSPORTATION
SHOPPING
MUSEUME
MUSEUME
SERCH
Find us on
Twitter
Instagram
Facebook
YouTube
Contact us
Request a map
Site feedback
Report a problem
Help
FAQs
ABOUT KURDISTAN.COM
Adding your business and deals
Linking to newzealand.com
Terms of use
Privacy Policy
Cookies
Our other sites
Media
The Visual Library
Travel Trade
Business Events
Corporate website
Tourism Business Database
How easy was it to find the information you were looking for today?
1 2 3 4 5
Very difficult
Very easy
kurdistan Tourism Center
Ratings provided by
Check out what other travelers say about KURDISTAN on




**Application-3:** ئەم ئەپلیکەیشنە خزمەتگوزارییەکی گشتییە بۆ ئاسانکاری گەشتیار دەبێت و زۆر فراوان دەبێت لە خزمەتگوزارییەکان بۆ گەشتیاران و بە پێی ستانداردی جیهانی و پێشکەوتوو دەبێت بۆ بەکارهێنەرانی. هەموو پێداویستییە سەرەتایی و گرینگەکانی گەشتیار لەخۆ دەگرێت وەکو رێبەرێکی سەردەمیانە و گرینگ دەبێت. لە هەمانکاتدا دەتوانرێت بتباتە شوێنی مەبەست لە رێی جی پی ئێسەوە.ئەم ئەپلیکەیشنە بچوکراوەیەکە لە وێبسایتەکە لە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری هەڵبژاردە پێکدێت لە رووپەڵی یەکەمدا کاتەگۆری هەرچوار شار دەردەکەوێت وەک لە وێنەی سەرەوەدا دیارە. بۆ هەر شارێک زیاتر لە ٢٣ هەڵبژاردەی جیاواز کە لە هەموو ئەو جۆر و تایپ و فۆرمانەی تۆریزم لە کوردستان لە خۆ دەگرێت کە هەر یەکەیان کۆمەڵێک زانیاری زۆر ورد و گرینگی تێدایە بۆ گەشتیار ئەم ئۆپشنانە پێکدێن

**Menue**:

بەشی سەرەکی ئەم ئەپە پێکدێت لە:

1. شارەکانی کوردستان.
2. Home
3. Tour
4. Hotel
5. Maps
6. Language
7. Currency

8. More Visitor Guide
9. Restaurant
10. About
11. Contact

**بەشی سەرەکی:**

بەشی سەرەکی رووپەلی ئەپەکە بریتی دەبێت لە ٣ بەش کە ئەمانەن:

1. ٣ هەڵبژاردە کە زۆرترین بەکارهێنەر پێویستیان دەبێت وەک تۆر و هۆتێل و فلایت.
2. بەشی زۆری ئەم رووپەلە دابینکراوە بۆ فۆتۆی شارەکانی کوردستان کە هەر شارەو ٤ تا ٨ فۆتۆی دەبێت بینەر دەتوانی بە لەمس بیانبینێ.
3. بەشی خوارەوەی ئەپەکە بریتییە لە هەڵبژاردە گرینگەکان کە بەردەوام بەکارهێنەر پێویست پێدەبێت کە ئەمانەی خوارەوەن:

- **About Erbil.Dihuk.Slemani:** ئەم هەڵبژاردەیە بە باس لەسەر شارەکانی کوردستان دەکات بە کورتی.

  ئەم خزمەتگوزارییە چەند زانیارییەک بە گەشتیار دەدات کە بریتین لە هەڵبژاردەکانی وەک: The City, Districts, History, Don miss, Culture, Weather, Museum’s, Currency

- **In one Day:** ڕۆژێک لە کوردستان – هەولێر – سلێمانی – دهۆک ، هەڵەبجە، ئیدارەی راپەڕین، زاخۆ، سۆران. لەم هەڵبژاردەیە بە گەشتیار دەڵێین ئەگەر سەردانی ئەم شارانەت کرد پێویستە یەکەم ڕۆژ بۆ کوێ و چی بکەی سەردانی کوێ بکەی.
- **Hospital:** باشترین نەخۆشخانەکانی کوردستان و شارەکان لەم هەڵبژاردەیە دەبێت، زانیاریی تەواوی بۆ گەشتیار دەخاتە روو دەتوانێت لەو ئەپە ریزێرڤ بکات یان پەیوەندیان پێوە بکات.

- **Accommodation:** لەم ئۆپشنەیان گەشتیار دەتوانی باشترین هۆتێل ومۆتێل و خانووی راخراو و هەر ناوچەیەکی گەشتیاری و یان هەر هاوینەهەوارێکی ویست ریزێرڤی بکات لە رێگەی ئەپەکەوە.
- **Restaurant:** گەشتیار دەتوانێت رێستۆرانتە بەناوبانگەکانی کوردستان ببینێتلە هەموو ئاستەکانی دەربارەی نرخ و قوالێتیان.
- **Transportation:** گەشتیار دەتوانێ لە رێگەی ئەپەکەوە جۆرەها هۆی گواستنەوە بەدەستبێنن وەک گرتنی ئۆتۆمبێلی کرێ بۆ ماوەیەک، تاکسی گاید، تاکسی ئۆبەر یان کەریم، مینی پاس، کۆستەر.
- **Destination:** ئەو شوێنەی کە گەشتیار دەیەوێ بۆی بچێت لە کوردستان وەک بنکە گەشتیارییەکانی کوردستان، سروشت ، شوێنێکی ئاینی، شوێنەوار، شوێنی چارەسەری سروشتی، شاخەوانی، بینینی باڵندەکانی کوردستان، شوێنە سەرکێشییەکان، شوێنە پیشەسازییە گەورەکان، شوێنە کەلتوورییەکان، ناوەندو سەنتەرە گرینگەکانی شارەکان،گوندە تایبەتەکان .
- **Shopping:** بازارکردن بۆ گەشتیار و کرینی کەلوپەلە تایبەتەکانی کوردستان گرینگ و بە بایەخە بۆ گەشتیار بۆیە لەم هەڵبژاردەیە باشترین مۆڵ و بازارە ناوەندییەکان و بازارە کەلتورییەکان و شوێنی دیارییە تایبەتەکان و گوڵفرۆش و شیرینەمەنییەکان و هەموو فرۆژگە تایبەتەکان دەستنیشان دەکەین.
- **Guide:** ئەم خزمەت گوزارییە بۆ سودی خەڵکی کوردستان و گەشتیار دەبێت. لەم ئۆپشنەدا پێنج جۆر گاید ئامادە دەکرێن بۆ ئەوەی خزمەتی گەشتیار بکەن. لەم هەڵبژاردەیەدا کاتێک گەشتیار پەنجەی لەسەر ئۆپشنەکەدا دەنێت هێڵی گەرم وەڵامی دەداتەوە و زانیاری پێدەدات تاوەکو گەشتیار ئاسانکاری بۆ بکرێت.
- **Flight:** ئەم ئۆپشنە تایبەت دەبێت بە گواستنەوەی گەشتیار . گەشتیار دەتوانێت بوکینگ و ریزێرف بکات لەگەڵ کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی.
- **Nightlife:** لەم هەڵبژاردەیەدا گەشتیار رێنمونی دەکرێت کە دەتوانێ لە کوردستان چی بکات و چۆن چێژ لە یانە شەوانەکان، بار، کافێ، .
- **Industry:** ئەم هەڵبژاردەیە بۆ خەڵی بازرگانی عێراق و ناوچەکانی دەوروبەرن تاوەکوو سود لەو پیشەسازیانە ببینن، کە لەکوردستان هەیە و بتوانن پەیواندیی راستەوخۆیان پێ بکەن وەک پیشەسازی پاکەرەوە، دەنەوێلە، پەلەوەر، کشتوکاڵ بەگشتی و کەلوپەلەکانیان... تا دوایی.

- **Study:** ئەم خزمەت گوزارییە بۆ بواری زانستییە لە کوردستان بە تایبەت بۆ قوتابخانە نا حکومی زانکۆ و پەیمانگاکان، ئەم خزمەت گوزارییە بۆ راکێشانی خوێندکارە تاوەکو دەست بە خوێندن بکەن لە کوردستان.
- **Art and Museum:** ئەم خزمەتگوزارییە هاوکاری گەشتیار دەکات بۆ مۆزەخانەو گالەری و شوێنە هونەرییەکان و پارک و شوێنە گشتییەکان.
- **Zoo** خزمەتگوزاری تایبەت بە باخچەی ئاژەڵان.

- دەربارەی شار یان قەزا یان لادێ. کۆمەڵێک هەڵبژاردە لە خۆ دەگرێت کە پەیوەندییەن بە مێژووی ئەو شارە هەیە لەگەڵ پارە و کەشوهەواو هیتد....

  دوای گەرانەوە بۆ رووپەلی سەرەکی کۆمەڵێک هەڵبژاردەی تایبەت دێنە پێش کە پێکدێن لەمانەی خوارەوە.
- یەک ڕۆژ لەم شارە چۆن بەرێدەکەی.
- نەخۆشخانەکان و دەرمانخانە و پزیشکەکانی کوردستان.
- ئەکۆمیدەیشن وەک هۆتێل و مۆتێل و گوندەکان.
- چێشتخانەکان.
- گوستنەوە
- شوێنی مەبەست
- شۆپینگ
- رێبەر
- هێڵی ئاسمانی
- ژیانی شەوانە
- پیشەسازیەکان
- خوێندن
- هۆڵی هونەریی و مۆزەخانەکان
- باخچەی ئاژەڵان
- هۆڵی وەرزشی
- سەرکێشییەکان

- شیرینی
- شاری یاری
- ئۆفیسی گەشتیاری
- شوێنەواره مێژووییەکان
- شوێنەواره ئایینییەکان و مەزارگەو هۆڵەکانی ئایینی.
- ئەشکەوتەکان
- سەرچاوەو کانیاوه سروشتییەکان
- شوێنی مەیخواردنەوه و مەیفرۆشتن
- دەروازەکانی هەرێم
- فرۆکەخانە
- تیلیفریک
- تاڤگەو رووبارەکان
- چیا بەرزەکان
- شوێنی کلاسیک و شەعبییەکان
- کەپره گەشتیارییەکان
- سەیرانگاکان
- کێڵگەکانی پەلەوەر و میوه و کێلگەکانی زەیتوون له کوردستان
- بنکەکانی فرۆشتنی سیمکارت و مۆبایل
- بنکەی ئاگرکوژێنەوه
- بنکەی پۆلیس
- بانکەکانی حکومی و ئەهلی
- بازاره ناودارەکان
- شوێنی مەساج
- هۆڵی سینەما
- پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل
- بەنزینخانە
- شوێنی پاس
- شوێنی تاکسی

- شوێنە کارەساتبارەکانی کوردستان
- گوندە ناودار و مێژوویەکان

2. **سۆشیال میدیا:** پێکدێت لە کۆمەڵێک چالاکی لە نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کە ببێتە مایەی ئاسانکاری و پێدانی زانیاری بۆ گەشتیارانی ناوخۆ و دەرەوە. ئەم تۆڕە میدیاییە بە یەکتر دەبەسترێنەوە بۆ ئەوەی گەشتیاران زیاتر سودمەند بن.

## بەشی دووەم

### داتا و زانیاری

1. **داتاوزانیارییە گەشتیارییەکانی کوردستان:** ئەم سەنتەرە دەبێتە حەوزێکی زانیاری بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان و جیهان بۆ هەموو ئەو زانیاریيانەی کە لەسەر ی هەرێمی کوردستانە بە هەموو جۆرەکانی گەشتیاریی. ئەم داتابەیسە هەموو ئەو زانیارییانەی لە ناو وێبسایت و ئەپڵیکەیشنەکە هەیە سەرچاوەکەی ئەم داتابەیسەیە کە بە تەکنەلۆژیاییەکی سەردەمیانە دروست دەکرێت کە بتوانرێت زانیارییەکان بە شێوەی ئەلیکترۆنی و بە ئامێرو پرۆگرامی پێشکەوتوو بەردەست بێت، بۆ ئەم زانیارییانە کار لەسەر تێکست و فۆتۆ و ڤیدیۆ دەکرێت تاوەکو بۆ ئەم سەنتەرە و دەستەی گشتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان روون بێت.

**گرینگی ئەم ناوەندە بەشی داتاو زانیارییەکان بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی دەبینێتەوە لە:**

**1- ئاماری ساڵانە ئەم ناوەندە ساڵانە چەند ئامارێک بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەکات کە خۆی دەبینێتەوە لە**

- ئاماری هەلیکار

- ئاماری هاتنی گەشتیاران
- ئاماری پرۆژەکانی گەشتیاری
- ئاماری داهاتی  لە کوردستان
- 2-پرۆژەی ڕووپێوی دۆکیۆمێنتی ڤیدیۆیی هەرێمی کوردستان . لەم پرۆژەیە هەموو شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان بە تێکست و ڤیدۆ و فۆتۆ زانیارییەکانیان بەردەست دەبێت.

زانیارییەکانی خاڵە گەشتیارییەکان ئەم خاڵانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت.

- بنکە گەشتیارییەکان.
- ئەکۆمیدەیشن- شوێنی مانەوە.
- شوێنەوارە مێژووییەکان.
- چێشتخانەو کافێ و شوێنە تایبەتەکان.
- نەخۆشخانەکانی حکومی و ئەهلی.
- دەرمانخانەکانی کوردستان.
- سەرچاوە کانیاوە سروشتییەکان بۆ چارەسەری.
- کارگەو شوێنە پیشەسازیی و بازرگانییەکان.
- شوێنەوارە ئایینییەکان.
- زانکۆ - پەیمانگا - ئامادەیی - سەرەتایی - باخچەی ساوایان.
- شوێنی مەیخواردن و مەیفرۆشتن.
- پارکەکان.
- شوێناکانی تایبەت بە سەرکێشی و شاخەوانان.
- زانیاری لەسەر دەروازەکانی هەرێمی کوردستان.
- فرۆکەخانەکان.
- ناوچە مینرێژکراوەکان.
- کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی ونوسینگەکانی .
- تاڤگەو روبارەکان.
- شوێنی شیاو بۆ پرۆژەکان.
- شوێنی مەبەست بۆ گەشتیاری.

- تیلیفریک.
- شیرینی و ساردەمەنییە بەناو بانگەکان.
- مۆڵەکان و شوێنە بەناوبانگەکان بۆ بازاڕیکردن.
- شوێنە کەلتورییەکان.
- بنکەکانی پۆلیس.
- بنکەکانی فرۆشتنی مۆبایل و سیمکارت.
- بازارە بەناوبانگەکان.
- بانکەکانی حکومی و ئەهلی
- باخچەی ئاژەڵان.
- هۆڵە هونەرییەکان.
- پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل
- هۆڵی سینەما.
- شوێنی مەساج.
- شوێنەکانی ی رەش(مۆنۆمێنتی ئەنفالی بارزانییەکان، هەڵەبجە هتد.
- گوندە گەشتیارییەکان.
- ماستەر پلان و زەوییە واعیدەکان.

## بەشی سێیەم

### کۆمپانیا و ڕێکخراوەکانی دەرەوە و ناوەوەی هەرێمی کوردستان

ئەم پلاتفۆڕمە هەوڵی پێشکەوتنی ی کوردستان دەدات لە ڕێی ڕێکخراوە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە هاوکار و هەماهەنگ دەبن بۆ پەرەپێدانی  لە هەموو ڕوویەکەوە.

## بەشی چوارەم

### بەشی ئیعلانات

ئەم بەشە هەڵدەستێت بە گەران بەدوای دروستکردنی هەلی کار و پێگەیاندنی دەرچوان بۆ ئەوەی بتوانێت لەم شوێنانەو ئەو ناونیشانانەی کە پێویستن تێدا دەستبەکاربن.

1 - ڕێبەری گەشتیاری
2 - بەشی مارکێتینگ
3 - پەرەپێدانی گەشتیاری
4 - کارکردن لە هۆتێل و مۆتێل و گوندە گەشتیارییەکانی کوردستان.
5 - خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە گەشتیاری
6 - کارکردن لە بواری میدیایی گەشتیاری کە کۆمەڵێک کار لەخۆ دەگرێت.
7 - فۆتۆگرافی
8 - ڤیدیۆگرافی
9 - گەران و پشکنین بۆ شوێنی گەشتیاری نوێ.

| بوار Perspective | ئامانج/ Objective | چالاکی Tactics | لایەنی پەیوەندیدار/ جێبەجێکار Stakeholders | هەنگاوەکان Initiatives | بودجە بە دیناری عێراق Budget | مەودای جێبەجێکردن Short term/ Long term |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕووپێوی کوردستان بۆ ناوچە گەشتیارییەکان | 1 - بە ئەلیکترۆنیکردنی گەشتوگوزار.<br>2 - دروستکردنی ئەپلیکەیشن و سایت و سۆشیال میدیا بۆ سەنتەرەکە.<br>3 - پێدانی ئاماری ساڵانەی هاتنی گەشتیار.<br>4 - ئاماری شوێنە گەشتیارییەکان.<br>5 - دۆزینەوەی هەموو بنکە گەشتیارییەکانی کوردستانە بە شێوەیەکی GPS.<br>6 - کۆکردنەوەی داتاوزانیاریی لەسەر هەرێمی کوردستان.<br>7 - ئەرکی ئەم پلاتفۆرمە گرینگی دانە بە هۆشیاری تاک بەرانبەر ی کوردستان | 1 - ئامادەکردنی ستافێکی ڕاهێنراو بۆ ئامدەکردنی ئامارەکان.<br>2 - دابینکردنی پێداویستی تەکنەلۆژی سەردەم بۆ تەواوی سەنتەرەکە. | وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان. | 1 - ڕاسپاردنی بەشێک لە ناوەڕۆکی ئەم سەنتەرە بە کەرتی تایبەت دەسپێردرێت.<br>2 - لێژنەیەک بۆ دامەزراندن و بنیاتنانی رادەسپێردرێن. | ئامادەکردنی دەرخستەیەك بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە. لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار. | لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ دەست دەکەین بە دروستکردنی ئەو سەنتەرە. |

## پلانی درێژخایەن، ٢٠٢٣ تا ٢٠٢٨

### دەستنیشانکردن و بەگەڕخستنی کەرتی گەشتوگوزار

ئەم بەشەی پلاننی ستراتیجی گەشتیاری بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی گەشتیارییە، بۆ ئەو مەبەستە پێویستمان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانە کە لەگەڵ لایەنی پەیوەندار پاڵپشتی بکرێت و بانگی وەبەرهێنەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بکرێت بە مەبەستی ئاسانکاری پێدانی زەوی بە شێوەی موساتەحە. هەروەها لەگەڵ وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندیی و بانکە تایبەتەکان بۆ بەدەستهێنانی قەرزی درێژ خایەن بدەن بۆ ئەو خەڵکانەی کە پڕۆژەی وەبەرهێنان لە شار و شارۆچکە و لادێکان بە مەبەستی گەشتیاریی دەکەن.

**1 - ماستەر پلانی .**

هەوڵدان بۆ پێداچونەوە و پەسەندکردن و جێبەجێکردنی ماستەر پلانی ئامادەکراوی ساڵی ٢٠١٣

**2 - پلان بۆ شوێنە گەشتیارییەکان.**

دوای روپێوی بۆ شوێنە گەشتیارییەکان دەستەی گشتی هەڵدەستێت بە رێکخستن و دیزاینی بەشێک لە شوێنە گەشتیارییەکان و پێداچونەوە بۆ باشتر کردنی ئەو شوێنانەی کە بەرچاو و ستراتیجین. لە هەمانکاتدا ئەو بنکە گەشتیاریانەی کە پێویستە دروست بکرێن لە شوێنی نوێ.

**3 - پلان بۆ بەگەڕخستنی زەوییە گەشتیارییەکان و دروستکردنی تەلاری مۆدێرن، بە هاوکاری وەبەرهێنی ناوخۆیی. و بیانی.**

دروستکردنی تەلار مۆدێرن و هۆتێل و مۆتێل بنکەی گەشتیاری لە شوێنە گرینگ و بەناوبانگەکان وەک تاڤگە، شوێنەواری ئایینی، ئەشکەوتی دێرین، دۆڵ، روبارەکان و شوێنە ستراتیجیە گەشتیارییەکان، بە رەچاوکردنی تایبەتمەندی پاراستنی سروشتی ناوچەکان.

**4 - پلانی پاراستنی شوێنەوارە ئایینی و کەلتورییەکان و بە گەشتیارییکردنیان.**

لە بەرنامەی دەستەی گشتی بۆ پاراستن و بەرگرتن لە لە ناوچونیان هەڵدەستین بە رێکارەکانی پارێزگاریی لەو شوێنانەی کە نزیکن لە لەناوچون و ئەو شوێنانەی پێویستان بە پارێزگاری هەیە وەک دابینکردنی پۆلیسی گەشتیاری، تیمی تایبەت بە دوبارە بنیاتنانەوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

| بوار Perspective | ئامانج/ Objective | چالاکی Tactics | لایەنی پەیوەندیدار/ جێبەجێکار Stakeholders | هەنگاوەکان Initiatives | بودجە بە دیناری عێراق Budget | مەودای جێبەجێکردن Short term/ Long term |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕووپێوی کوردستان بۆ ناوچە گەشتیارییەکان | 1 - پاراستن و بە گەشتیاریکردنی شوێنەوارە ئایینی و شوێنەوارە کەلتورییەکان و بە گەشتیارییکردنیان.<br>2 - دروستکردنی خزمەتگوزاریی پێویست و تایبەتمەند لە نزیک پەرسگەو شوێنەوارە دێرینەکان.<br>3 - دیزاینکردنەوەی دووبارە شوێنە گەشتیارییەکان بە پێی سەردەم.<br>4 - پلانی بەگەڕخستنی زەوییە گەشتیارییەکان.<br>5 - دروستکردنی شوێنی گەشتیاریی نوێ لە ناوچە جیاوازەکان.<br>6 - جێبەجێکردنی ماستەر پلانی ئامادەکراوی ٢٠١٣. | | - وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان. | دروستکردنی لێژنەیەکی تایبەتمەند بە بوارە جیاوازەکان. | تێبینی: حکوومەت دەتوانێت بە سێ جۆر ئەم پارەی پێویست دابین بکات لە ڕێگای پۆلێن کردنی بۆ پرۆژەی بچوک و مامناوەند و گەورە.<br>1 - پرۆژەی گەورە لە ڕێگەی P.P.P تەواوکاری سەرمایە لەگەڵ زەوی بۆ پرۆژەکە.<br>2 - پرۆژەی مامناوەند لە ڕێگەی وەبەرهێنان.<br>3 - پرۆژەی بچوک لەگەڵ کەرتی تایبەت. | لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ دەست دەکەین بە پلانی بەگەرخستنی گەشتیاریی تا ساڵی ٢٠٢٦ |

## پلانی درێژخایەن، ٢٠٢٣ تا ٢٠٣٠

### پەرەپێدانی وەبەرهێنانی
### لە فۆڕمە جیاوازەکانی گەشتیاریی.

توێژینەوە و وەبەرهێنان لە فۆڕمەکانی گەشتیاری بەپێی سروشتی کوردستان و دروستکردنی پرۆژەی نوێی تایبەت لە فۆرمە گەشتیارییەکان.
لە رووی زانستیی و دراسات و توێژینەوەکان نزیکەی ٦٠ فۆڕمی گەشتیارییمان هەیە کە هەر یەک لەو فۆرمانە دەیان تایپ و جۆری گەشتیاریی لەخۆ دەگرێت. لە کۆی فۆڕمەکانی گەشتیاریی ١٥ فۆڕمیان گونجاوە لە ئێستادا بۆ کوردستان.
ئێمە وەک دەستەی گشتی پلانی ٨ ساڵەمان بۆ ئەم فۆرمانەی گەشتیاریی ئامادەکردوە. لە سەرتادا فۆرمە گەشتیارییەکان دەناسێنین دواتر بە هاوکاری حکوومەت و وەبەرهێنەران ٦ مانگ جارێک ئیڤینتێک رێکدەخەین بۆ خستنە رووی ئەو پرۆژانەی کە گونجاوە بکرێنە شوێنی گەشتیاری و چالاکی گەشتیاری تێدا بکرێت.
ئێمە وەک و نمونەیەک دوو لە کۆتا فۆرمی گەشتیاریی کە پیشەسازیی و سەرکێشییە ئامادەمانکردووە و دەیخەینە روو وەک دەسپێکی کارەکانمان چ لە رووی تیۆریی و چ لە بواری کرداری و لە ٦ مانگی داهات و لە ئیڤێنتێک بۆ حکوومەت و وەبەرهێن دەیخەینە روو.

بۆ ئەم بەشە ستراتیجییە پێویستمان بە هەموو وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمە کە هاوپێچ بریاری ژمارە ٨٣ ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕۆژی ٢٠٢٢\٦\١٥ بە ژمارە ١٥١ دەریکرد.

**1. گەشتوگوزاری سروشتی Natural tourism**

ی سروشتی چییە؟

ئەم فۆڕمە پەیوەندی بە ژینگە و سروشتی کوردستانەوە هەیە. سەرچاوە سروشتییەکانی وەک کەشوهەوای ناوچەکە، شوێنی نیشتەجێبوون، دیمەنی سروشتی، ناوچە شاخاوییەکان، ڕووبارەکان، تاڤگە و دۆڵە سەرنجڕاکێشەکان هتد...

**ئامادەکارییەکان بۆ پەرەپێدانی ئەم فۆڕمە.**

- روپێوی فۆرمی سروشتی کوردستان.
- ئامادەکردنی بۆ بوژاندنەوەو وەبەرهێنان.
- دراسە و توێژینەوە.
- ئامادەکاری بۆ ئیڤێنتێک.

## 2. گەشتوگوزاری شوێنەوارییِ Archeological Tourism .

گەشتیاری شوێنەوار یان شوێنەوار ناسی جۆرێکە لە گەشتیاری کەلتووری، کە ئامانجی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی گشتییە لە ی شوێنەوار و پاراستنی شوێنە مێژووییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری هەرێم.

**ئامادەکاری بۆ ئەم فۆڕمە.**

- ڕووپێوی شوێنەوارەکانی کوردستان.
- دراسە و توێژینەوە
- ئامادەکاری بۆ بوژانەوەیان.
- پاراستنیان.
- بەگەشتیاریکردنیان.
- ئامادەکاری بۆ ئیڤێنتێک.

## 3. گەشتوگوزاری تەندروستی- چارەسەری سروشتی، سەنتەری گەشتیاری پزیشکی Health Tourism

گەشتیاری پزیشکی، کە پێی دەوترێت گەشتیاری تەندروستی، گەشت بۆ نەشتەرگەری، یان گەشتی پزیشکی، گەشتی نێودەوڵەتی بە مەبەستی وەرگرتنی چاودێری پزیشکی.

**ئامادەکاری بۆ ئەم فۆڕمە.**

- ڕووپێو شوێنە چارەسەرە سروشتییەکان و نەخۆشخانەکانی کوردستان.
- دراسە و توێژینەوە لەم فۆڕمە.
- بەگەشتیاریکردنیان.
- ئامادەکاری بۆ ئیڤێنتێک.

## 4. گەشتوگوزاری ئایینی Religion Tourism .

گەشتیاری ئاینی بەشێکی گرنگی پیشەسازی گەشتیارییە کە پێی دەوترێت گەشتیاری تایبەت بە کەسی، کە زۆربەی کات پەیوەندی بە شوێنکەوتوانی باوەڕێکی تایبەتەوە هەیە کە سەردانی ئەو شوێنانەی دەکەن کە بە شوێنە پیرۆزەکان دادەنرێن.

شوێنە ئایینیەکان نەک هەر پەیرەوانی ئایینی سەردانی دەکەن بەڵکو گەشتیارە نائایینیەکانیش بەسەریان دەکەنەوە چونکە ئەم شوێنانە گرنگی کەلتوری و مێژوویی و ئاینیان هەیە.

**ئامادەکاری بۆ ئەم فۆڕمە.**

- ڕووپێو و ئاماری شوێنەوارە ئایینیەکان.
- دراسە و توێژینەوە لەم فۆڕمە.
- بەگەشتیاریی کردن و مارکێتینگ.
- نۆژەنکردنەوە شوێنەواری پەیامبەران و تەکیەو پەرستگە ئاینییەکان بە گشتی.
- پاراستن.
- ئامادەکاری بۆ ئیڤێنتێک.

## 5. گەشتوگوزاری کشتوکاڵی- کێڵگە Agritourism.(گوندی کشتوکاڵی گەشتیاریی)

بە پێی ناوەندی گەشتیاری ئەمەریکا، گەشتوگوزار لە ئەمەریکادا پیشەسازییەکی 1.36 بلیۆن دۆلارییە ، کە بۆتە هۆی دروستکردنی 8.8 ملیۆن هەلی کار. پیشەسازی گەشتیاری لە ئەمەریکادا لە پلەی حەوتەمدایە لە هەبوونی زۆرترین ژمارەی کارمەند. ئەگەر پیشەسازییەکان بە پێی زۆرترین ژمارەی کارمەند ڕیزبکەین، لە 49 ویلایەتدا، کە (کۆلۆمبیا)شی تێدایە، لەناو 10 یەکەمین پیشەسازییەکاندا دەبێت. حکومەتی فیدراڵی و ناوخۆ و ویلایەتەکان بەهۆی باجی سەر کەرتی گەشتوگوزار 165 بلیۆن دۆلاریان دەستدەکەوێت، لەناو هەموو بەشەکانی پیشەسازی گەشتوگوزاردا، چێشتخانەکان زۆرترین باج دەدەن.

گەشتوگوزاری کشتوکاڵی هەلێکی نایابە بۆ وەبەرهێنەرە کشتوکالییەکان. بە شێوەیەکی گشتی گەشتوگوزاری کشتوکاڵی بریتییە لە هەموو ئەو چالاکییانەی کە لە گەشتکردن بۆ کێڵگەکان یاخود هەر شوێنێکی تری کشتوکاڵی و بێستانەکان و هەر وەبەرهێنانێکی کشتوکاڵی پێکدێن.

**ئامادەکاری بۆ ئەم فۆڕمە.**

- ڕووپێو.
- دراسە و توێژینەوە لەم فۆڕمە.
- بەگەشتیاریکردنیان و مارکێتینگ.
- دروستکردنی چەند کێڵگەیەکی نمونەیی.
- گرینگی پێدانی کەسایەتییەکانی کوردستان.
- ئامادەکاری بۆ ئیڤێنتێک.

## 6. گەشتوگوزاری کەلتووری - Calture Tourism.
## (فێستیڤاڵی خۆراک، کاری دەستی)

گەشتیاری کەلتووری بریتیە لە گەشتی گەشتیاران بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو لە پێناو ئەزمونکردن و ئاشنابوون بە کەلتورێکی دیاریکراو. ئەمە دەکرێت چەندین چالاکی لە خۆ بگرێت، لەوانەش: بەشداری کردنی ئیڤێنت و فیستیڤاڵەکان، سەردانکردنی مۆزەخانە و تامکردنی خواردن و خواردنەوەی تایبەت بە ناوچەکە.
گەشتیاری کلتوری دەکرێت گەشتیارەکان بەبێ هیچ مەبەستێک گەشت بکەن، لەبەرئەوەی ئەم گەشتە دەبێتە هۆی تاقیکردنەوە و ناسینی کەلتورێکی دیکە بۆ گەشتیاریی و تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە. زمان و نەریت و خواردنەکانیان و خواردنەوەکانیان بەسە بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر پەیدا بکەن.
نموونەکانی ئەزموونی گەشتی کەلتووری بریتین لە:

- گەنجینەکانی بیناسازی و شوێنەوارەکان.
- چالاکی ناو چێشتخانەکان و دروستکردنی خواردن.
- ئیڤێنت و فێستیڤاڵەکان.
- شوێنەوارە کەلەپوری و مێژوییەکان، مۆنومێنت و شوێنە مێژووییەکان.
- مۆزەخانە و پێشانگاکان.
- پارکی نەتەوەیی و ئاژەڵە کێویەکان.

- شوێنی ئایینی، مزگەوت و پەرستگاکان.

**ئامادەکاری بۆ ئەم فۆڕمە.**

- ڕووپێو.
- دراسە و توێژینەوە لەم فۆڕمە.
- بەگەشتیاریکردنیان و مارکێتینگ.
- گرینگی پێدانی کەسایەتییەکانی کوردستان کە لەبوارە جیاکان کاریگەریان هەیە.
- ئامادەکاری بۆ ئیڤێنتێک.

## 7. گەشتوگوزاری شار Urban Tourism.

گەشتیاری شارەکان "جۆرێکە لە چالاکیی گەشتیاری کە شارەکاندا هەیە کاریگەری لەسەر ئابووریی ئەو شارە دەبێت، وەک چالاکییەکانی بەرهەمهێنان، بازرگانی و خزمەتگوزارییەکان، شوێنە گرینگەکانی وەک ئەکواریۆم، مۆزەخانە، شاری یاری و دەیان جۆری دیکە.

**ئامادەکاری بۆ ئەم فۆڕمە.**

- ڕووپێو.
- دراسە و توێژینەوە لەم فۆڕمە.
- بەگەشتیاریکردنیان و مارکێتینگ.
- دروستکردنی شوێنە گەشتیارییەکان وەک وڵاتانی پێشکەوتوو.
- ئامادەکاری بۆ ئیڤێنتێک.

## 8. گەشتوگوزاری بازرگانی Business Tourism

بازرگانی گەشتیاری واتە ئاڵوگۆڕ و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و پێشانگە نێودەوڵەتییەکان و کارێک کە پەیوەندی بە ڕێنماییکردنی گەشتیاران هەیە بۆ گەشتکردن یان بۆ مەبەستی تری گەشتکردن بە پێشکەشکردنی یەکێک یان چەندین خزمەتگوزاری یان ئاسانکاری وەک شوێنی نیشتەجێبوون، خواردن، ڕێبەر، یان هەر خزمەتگوزارییەکی تر.

**ئامادەکاری بۆ ئەم فۆڕمە.**

- ڕووپێو.
- دراسە و توێژینەوە لەم فۆڕمە.
- بەگەشتیاریکردنیان و مارکێتینگ.
- ئامادەکاری بۆ ئیڤێنتێک.

## 9. ی وەرزش٠ Sport Tourism .

جۆرە جیاوازەکانی گەشتیاری وەرزشی. دەتوانرێت گەشتیاری وەرزشی بۆ چوار جۆری سەرەکی جیا بکرێتەوە: گەشتیاری بۆنە وەرزشییەکان، گەشتیاری وەرزشی نۆستالژیا، گەشتیاری وەرزشی چالاک و گەشتیاری وەرزشی پاسیڤ.

**ئامادەکاری بۆ ئەم فۆڕمە.**

- ڕووپێو.
- دراسە و توێژینەوە لەم فۆڕمە.
- بەگەشتیاریکردنیان و مارکێتینگ.
- ئامادەکاری بۆ ئیڤێنتێک.

## 10. ی ڕەش Dark Tourism

(مۆنۆمێنتی ئەنفال لە بارزان، گەرمیان ، مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، ئەمنە سورەکە جینۆسایدی ئێزیدییەکان)

گەشتیاری رەش ئاماژەیە بۆ سەردانی ئەو شوێنانەی کە هەندێک لە تاریکترین ڕووداوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی تێدا ڕوویانداوە. کە دەتوانێت بریتی بێت لە جینۆساید، تیرۆر، زیندانیکردن، پاکتاوی نەتەوەیی و جەنگە کارەساتبارەکان و روداوە سروشتیەکان.

**ئامادەکاری بۆ ئەم فۆڕمە.**

- ڕووپێو.
- دراسە و توێژینەوە لەم فۆڕمە.
- بەگەشتیاریکردنیان و مارکێتینگ.
- ئامادەکاری بۆ ئیڤێنتێک.

## 11. گەشتوگوزاری خوێندن. Study Tourism

لەم فۆڕمەدا هەوڵی سەرنجراکێشانی گەشتیارانی بیانی دەدرێت بۆ خوێندن لە کوردستان بە تایبەت بۆ ئەو زانکۆیانەی کە ئینتەرناشناڵن.

**ئامادەکاری بۆ ئەم فۆڕمە.**

- ڕووپێو.
- دراسە و توێژینەوە لەم فۆڕمە.
- بەگەشتیاریکردنیان و مارکێتینگ.
- ئامادەکاری بۆ ئیڤێنتێک.

## 12. ی تەرفیهی.

گەشتوگوزاری تەرفیهی" ئەم فۆڕمە یەکێکە لە فۆڕمە گرینگ و باشترین پیشەسازی خێرایە بۆ . بۆ مەبەستی کاتبەسەربردن گەشتیار روو لەو شوێنە دەکەن بەتایبەت کە شوێنەکانی کاتبەسەربردن بە یاسا رێکدەخرێن.

**ئامادەکاری بۆ ئەم فۆڕمە.**

- ڕووپێو.
- دراسە و توێژینەوە لەم فۆڕمە.
- بەگەشتیاریکردنیان و مارکێتینگ.
- ئامادەکاری بۆ ئیڤێنتێک.
- کردنەوەی شوێنی یاسایی تایبەت بە کاتبەسەربردن.
- کۆنترۆڵکردنیان لە لایەن حکوومەت.

### 13. ی هونەری Art Tourism

گەشتیاری هونەر دەبێ بە شێوەیەکی بەرفراوان پێناسە بکرێت وەک هەر چالاکیەک کە گەشتکردن بۆ بینینی هونەر لەخۆبگرێت و ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە زۆر بە تایبەتی گەشت دەکەن بۆ بینینی هونەر لە شوێنێکی تر هەروەها ئەوانەی کە زۆرجار یان ناوبەناو سەردان بۆ بینینی هونەر لەنێو چالاکیەکانی تردا لە کاتی گەشتەکان، جەژنەکاندا یان دەکەن. ی هونەری بریتییە لە هونەر جۆراوجۆر وەک نیگارکێشان، پەیکەرسازی، چاپکردن، وێنەکێشان، هونەری دیکۆرات، فۆتۆگرافی و ئینستاڵەیشن لەخۆدەگرێت.

**ئامادەکاری بۆ ئەم فۆڕمە.**

- ڕووپێو.
- دراسە و توێژینەوە لەم فۆڕمە.
- بەگەشتیاریکردنیان و مارکێتینگ.
- ئامادەکاری بۆ ئیڤێنتێک.

### 14. ی پیشەسازی Industry Tourism.

**ی پیشەسازی چییە؟**

پیشەسازی بواری گەشتیاری چییە؟ گرنگە سەرەتا ڕونی بکەینەوە مەبەست لە پیشەسازی گەشتیاری چییە. بە شێوەیەکی بنچینەیی هەموو ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە گەشتێکی ماوە کورتی گەشتیار لە وڵاتەکەی خۆیانەوە بۆ وڵاتێکی دیکە. یەکێکە لە گەورەترین خزمەتگوزارییەکان لە جیهاندا، هەروەها ئابوری زۆرێک لە وڵاتەکان، تاکو ڕادەیەکی زۆر، پشت بە پیشەسازی گەشتیاری دەبەستێت.

هەروەها پیشەسازییەکی فراوانە، کە پیشەسازی ئۆتێل، گواستنەوە و چەند جۆرە پیشەسازیی و کەرتی دیکە لەخۆدەگرێت. گرنگە بزانیت پیشەسازی بواری گەشتیاری پەیوەستە بە گەشتکردن بۆ شوێنێکی جیاواز، گەشتەکەش دەکرێت تەنها بۆ وەرگرتنی خۆشی نەبێت بەڵکو دەکرێت هۆکاری بازرگانی یاخود هۆکارەکانی تری لە پشت بێت.

بە پێی زۆربەی پێناسە باوەکان، پیشەسازی گەشتیاری چالاکی ئەو گەشتانە لە خۆ ناگرێت، کە تیایدا کەسەکە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک لە شوێنی مەبەست دەمێنێتەوە. بۆ نمونە، ئەمە واتای ئەوەیە پەناربەر و خوێندکارانی نێودەوڵەدەتی کە ماوەی خوێندنەکەیان زۆرە، وەکو گەشتیار هەژمارناکرێن.

## سودەکانی ی پیشەسازی؟

کەرتی گەشتیاری ژمارەیەکی زۆر قازانج دەبەخشێت بە وڵاتەکە، لەوانەش بەهێزکردنی ئابووری ئەو وڵاتانەی گەشتیارێکی زۆر بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، لەبەرئەوەی گەشتیارەکان تەنها پارە لە مانەوەیاندا خەرج ناکەن، بەڵکو سود بە بازرگانانی ناوخۆش دەگەیەنن. هەروەها دەبێتە هۆی دابین کردنی ژمارەیەکی زۆر لە هەلی کار بۆ ئەو کەسانەی لە پیشەسازی گواستنەوە و چێشتخانە و ئوتێلەکان کاردەکەن.

لەمانەش زیاتر، کەرتی گەشتیاری دەبێتە هۆی برەودان بە پەیوەندیەکانی وڵاتەکە یاخود بازرگانییەکان، تاکو هەلی زیاتر بۆ هۆکار و چالاکییە چێژبەخشەکان برەخسێنن،

هەروەها برەوەدات بە بەهای دراوی وڵاتەکە. لەگەڵ ئەمانەشدا، دەکرێت دەرگایەک بێت بە رووی هەلی ئاڵوگۆری کەلتوری. بۆ گەشتیارەکانیش، گەشتکردن دەکرێت بەرەو دڵخۆشی، تەندروستی و پەروەردەیان ببات.

## کەرتەکانی ی پیشەسازی ؟

**١-گواستنەوە:**

**پیشەسازی هێڵی ئاسمانی**

**بەکرێگرتنی ئۆتۆمبێل.**

**هۆکاری گواستنەوەی ئاویی**

**خزمەتگوزاری پاس.**

**شەمەندەفەر.**

**شوێنی مانەوە:**

**ئوتێل:**
**شوێنی مانەوەی هاوبەش**

**هۆستێلەکان**

کامپ

جێگای خەوتن و نانی بەیانی

شوێنی مانەوەی گوندەکان و مانەوە لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکاندا

شوێنی مانەوە بۆ کاتێکی دیاریکراو

٣- شوێنی خواردن و خواردنەوەکان

چێشتخانەکان
خزمەت گوزاری خواردن

بارِ و کافێکان
یانە شەوانەییەکان

٤- چالاکی و یارییە چێژبەخشەکان

گازینۆ

زانیاری لە بارەی گەشتەکانەوە

بازارکردن

ڕێبەری گەشتیاری و گەران

٥- پیشەسازییە پەیوەندیدارەکان

**خزمەتگوزاری دارایی**

**بریکاری گەشتیاری**

**ڕێکخەری گەشتەکان.**

**بنکە گەشتیارییە ئۆنلاینەکان(ئۆ تی ئەی ئێس)**

**ڕێکخراوە گەشتیارییەکان**

**پەروەدەیی**

## 15. گەشتوگوزاری سەرکێشی Adventure Tourism.

**– سەرکێشی:**

گەشتیاری سەرکێشی چەمکێکی نوێیە لە پیشەسازی گەشتیاری، وەک زۆربەی فۆرمەکانی تۆریزم پیشەسازی ئەم فۆرمەشی لا خۆ گرتووە. پێناسەیەکی تایبەت بە گەشتیاری سەرکێشی نییە. زۆربەی ئەوانەی تایبەتمەندن بەم بوارە رایان وایە کە سەرکەشی پیشەسازییەکی گەورەیە لە ناو دا. لە هەمان کاتدا هەندێک لە فۆرمەکانی هەمان ناوەڕۆکی سەرکەشیان هەیە وەک ئیکۆ تۆریزم و چالاکییەکانی تۆریزم ئێمە دەمانەوێ پرۆگرامێکی تایبەت بەو جۆرە فۆرمی گەشتیاری سەرکێشی لە کوردستان بکەین و هەموو ناوچە سەخت و دەگمەنەکانی کوردستان بگرێتەوە. ئەم پرۆگرامە پێشکەشکارێکی دەبێت کە کور یان کچ یان هەردوکیان دەبێت لەگەڵ کامێرە مانێک کە بەردەوام بە یەکەوە دەبن بۆ سەرکێشییەکان.

**جۆری سەرکەشییەکان لە ناو ی سەرکێشی**

## چالاکییەکانی سەرکێشی سەخت:

چالاکییە سەرکێشییەکان لەم بەشەدا زۆر سەخت و بەهێزن و ئەگەری سەرکەشی خەتەرناکی لێدەکرێت وە ئەم چالاکییەنەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

- Caving -ئەشکەوتەوانی
- Mountain Climbing—شاخەوانی
- Rock Climbing-  سەرکەوتنە سەرشاخی بەردین
- Ice Climbing – سەرکەوتن بە سەر بەفر
- Trekking - رۆیشتن
- Sky Diving-  بازدان لە ئاسمان

## چالاکی سەرکەشی ئاسان:

ئەم جۆرە سەرکەشیانە مەترسیان کەمترە ریسکی تێدا نییە وەک ئەوەی لەگەڵ چالاکی سەرکەشی سەختەکە بەراوردی بکەین. ئەم جۆرە سەرکەشییە بەردەوام پێویستی بە پێشرەوێکی پرۆفیشناڵ هەیە بۆ رێبەرییکردنی گروپەکە.

- Backpacking- exploring - کۆڵبەر.
- Birdwatching – بینینی باڵندە.
- Camping – هەڵدانی خێمە.
- Rafting  -kayaking – Canoeing بەلەمی تایبەت بە پێشبرکێ.
- Fishing – ماسیگرتن.
- Hiking- رۆیشتن بە پێ  بۆ ماوەی نیورۆژ.
- Horseback riding – ئەسپسواری لە شوێنە سەرکەشییەکان.
- Hunting – راوکردن.
- Kayaking/sea/whitewater- بەلەمی تایبەت بە شەپۆل.
- Orienteering – پێشبرکێی لە رێگەی نەخشە.
- Safaris گەشتێکی تایبەت بە ئۆتۆمبێلی تایبەت بەمەبەستی گەران بۆ بینینی گیاندار هیتد...

- Scuba Diving غەواس بۆ بینینی گیانداری ئاوی.
- - Snorkeling
- Skiing – خلیسکانی سەر بەفر
- Snowboarding and sandbourding – بۆردی سەر بەفر
- Surfing- رۆیشتن لەسەر شەپۆلی دەریا
- Yoga یۆگا
- Cycling- Bike and Motorcycle
- Mointain Biking شاخەوانی پایسکل
- zip-lining خۆ هەڵواسین بە پەت

# پلانی جێبەجێکردن لە فۆڕمە دەستنیشانکراوەکانی گەشتیاریی.

| بوار Perspective | ئامانج/ Objective | چالاکی Tactics | لایەنی پەیوەندیدار/ جێبەجێکار Stakeholders | هەنگاوەکان Initiatives | بودجە بە دیناری عێراق Budget | مەودای جێبەجێکردن Short term/ Long term |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پلانی ٨ ساڵە بۆ پەرەپێدانی گەشتیاری و فۆڕمەکانی گەشتوگوزار. | **1.گەشتوگوزاری سروشتی Natural tourism**<br><br>**2.گەشتوگوزاری پیشەسازی Industry Tourism.**<br><br>**3.گەشتوگوزاری شوێنەوا Archeological Tourism**<br><br>**4.گەشتوگوزاری تەندروستی- چارەسەری سروشتی، سەنتەری گەشتیاری پزیشکی Health Tourism** | دروستکردنی پرۆژە لەسەر شوێنە سروشتییەکانی وەك رووبارو کانیاو چیاکان.<br><br>دروستکردنی کارگەی تایبەت بە گەشتیاری و کەلوپەلی گەشتیاری وەک کارگەی شەراب و پێداویستی گەشتیار (سۆڤینییە، واتا دیاری).<br><br>پاراستن و نۆژەنکردنەوە و بە گەستیاری کردنی ناوچە شوێنەوارەکان.<br><br>بە وەبەرهێنانکردن لە گۆم و قوڕە و ئاوە تایبەتمەندەکانی کوردستان و دروستکردنی شوێن و ئاسانکاری و بونیاتنان لەم شوێنانەی کە ناوبانگیان هەیە لە تەندورستی. وە گرینگی دان بە | وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان. | دروستکردنی لێژنەیەکی تایبەتمەند لە بوارە جیاوازەکان. | بۆ ٧ ساڵ و ٦ مانگ ماوەی جێبەجێکردنی پلانەکەیە کە بۆ هەموو فۆرمەکانی گەشتیاری و پرۆژەی تایبەت بە پەرەپێدانی گەشتاریی لە فۆرمە دەستنیشانکراوەکان.<br><br>تێبینی: حکوومەت پێویستە بە سێ جۆر ئەم بودجەیە دابین بکات لە رێگای پۆلێن کردنی بۆ پرۆژەی بچوک و مامناوەند و گەورە.<br>١-پرۆژەی گەورە لە رێگەی P.P.P تەواوکاری سەرمایە لەگەڵ زەوی بۆ پرۆژەکە.<br>٢-پرۆژەی مامناوەند لە رێگەی وەبەرهێنان.<br>3 - پرۆژەی بچوک لە رێگەی یاسا تایبەتمەندە بەرکارەکان و کەرتی تایبەت لە رێگەی قەرزی بچووك و مامناوەند و گەورە. | لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ دەست دەکەین بە پلانی بەگەرخستنی گەشتیاریی تا ساڵی ٢٠٢٦ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخۆشخانەکانی کوردستان و بە بازارکردنیان. | | | | |
| | **5.گەشتوگوزاری سەرکێشی .Adventure Tourism** | دروستکردنی پڕۆژەی بچوک و مامناوەند لەسەر رووبار ودەریاچە و کانیاوەکانی کوردستان بە پڕۆژەی سەرکێشی ئەوەی خوارەوە بەشێک لە چالاکییەکانە:<br>١-بەلەمی تایبەت بە پێشبڕکێ.<br>٢-ئەسپسواری لە شوێنە سەرکەشییەکان.<br>٤-بەلەمی تایبەت بە شەپۆل.<br>٥-خلیسکانی سەر بەفر.<br>٦-یۆگا<br>٧-شاخەوانی.<br>٨- پایسکلسواری.<br>٩-خۆ هەڵواسین بە پەت .<br>تا دوایی...... | | | | |
| | **6.گەشتوگوزاری ئایینی Religion Tourism** | -دەستنیشانکردنی شوێنەوارە ئاینییەکان و پەرستگە و گۆڕی پێغەمبەرانی کوردستان.<br>- دروستکردنی شوێنی حەوانەوە لە نزیک ئەو ناوچانە.<br>- راکێشان و ئاسانکاری بۆ پەرستشانی ئایینە جیاوازەکان.<br>- چاکردنی رێگاوبان.<br>- خزمەتگوزاری. | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | داناني پۆليسی گەشتیاریی.<br>تا دوا خزمەتگوزاری گەشتیاریی. | | | | |
| | **7.گەشتوگوزاری کشتوکاڵی- کێ Agritourism.(گوندی کشتو گەشتیاریی)** | -دروستکردنی گوندی گەشتیاریی.<br>-دروستکردنی بازاڕی کێڵگەیی.<br>-پێشانگای تایبەت بە نمایشکردنی خۆراکی ناوخۆیی هەفتانە.<br>- هۆشیاریی پەروەردەیی و سەردانی کێڵگەکان لە لایەن وەزارەتی پەروەردە بۆ قوتابیان. | | | | |
| | **8.گەشتوگوزاری کەلتووری Calture Tourism.<br>(فێستیڤاڵی خۆراک، کاری دەستی** | -ئامادەکردنی فێستیڤاڵ لە هەموو بۆنەکان.<br>-کردنەوەی پێشانگەی هونەری تایبەت بە گەشتیار.<br>- فێستیڤاڵ بۆ نمایشی کارەدەستییەکان و خۆراک هتد.... | | | | |
| | **9.گەشتوگوزاری شار Urban Tourism.** | -دروستکردنی ئەقواریۆم .<br>-پارکی مۆدێرن.<br>- بورجی گەشتیاریی.<br>- باخچەی ئاژەڵان.<br>- شاری یاری گەورە هتد..... | | | | |
| | **-10 گەشتوگوزاری بازرگانی ئاڵوگۆڕ و Business Tourism** | -ئاڵوگۆڕی بازرگانی. | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | - پێشانگەی بازرگای سێ مانگە.<br>- چالاکیی تایبەت بە بازرگانی. | | |
| | | | | -دروستکردنی ستادیۆمی بچوک و مامناوەند بۆ یارییە جۆراوجۆرەکان. | **-11گەشتوگوزاری وەرزش**<br>**Sport Tourism ۰** | |
| | | | | ناساندنی کوردستان لەم فۆڕمەی گەشتیاری.<br>- گرینگیدان بە دروستکردنی مۆنۆمێنتی تایبەت و فیلم و دروستکردنی پارچە ڤیدیۆی تایبەت بە گەشتیاریی ڕەش.<br>هتد..... | **-12 گەشتوگوزاری رەش**<br>**Dark Tourism** | |
| | | | | ناساندن و ڕێکارەکان بۆ هێنانی قوتابی لە دەرەوەی وڵات. | **—13 گەشتوگوزاری خوێند**<br>**Study Tourism** | |
| | | | | دروستکردنی شوێنی تەرفیهی تایبەت بۆ گەشتیاران. بە تایبەت شوێنی شەوانە لە دەرەوەی شارەکان. | **-14 گەشتوگوزاری تەرفیهی.** | |
| | | | | گرینگیدان بە گەشتیاریی هونەری و ناساندنی هونەر و فۆلکلۆری کوردیی و هێنانی هونەرمەندی تایبەت و بە ناوبانگ.<br>دروستکردنی هۆڵی گەورە. | **-15 گەشتوگوزاری هونەری**<br>**Art Tourism** | |

**ئەم پلانە لە ماوەیەکی کورتدا ئامادەکراوە بۆیە وەك درافتێکی سەرەتایی لەگەڵ لایەنە پەیوەندی دارەکان دانیشتنی تایبەت و دەرخستە و رێکاری پێویستی بۆ دەگرێتەبەر.**